[حەسەن: ٢٠٠٢: ٦٦] کەواتە هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە بەردەم لەگەڵ مرۆڤدا ژیاون، بەردەوامیش بۆ چارەسەر گەڕاوە، بەڵام هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. ئەفسانە ئەبێتە فریادڕەسی مرۆڤ لەم بارەیەوە. واتە مرۆڤ دێت ئەفسانە ئەخولقێنێت بۆ ئەوەی رووبەڕووی مردن بێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سەدان ئەفسانە لەبارەی مردن و کۆتایی جیهانەوە هەیە واتە لە رێی خولقاندنی ئەفسانەوە ئەو فشارە لەسەر دەروونی خۆی کەم ئەکاتەوە، هاوکات جۆرێک لە بەڵێنیش بە خۆی و نەوەکانی داهاتوو ئەدات، کە چارەیەک بۆ مردن هەیە. دەمانەوی بڵێین، کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی نەمریی، هەوڵدانە بۆ شکاندنی ئەفسوون و شکۆی مردن. بۆیە ئەگەر سەیر بکەین بە شێوەیەکی گشتی لە ئەفسانەی گشت میللەتاندا بە چەند شێوەیەک مرۆڤ هەوڵیداوە نەمریی بە دەستبهێنێت، یان لە رێی ئەم جیهانبینیانە رووبەڕووی مردن ببێتەوە.

یەکێک لە شێوەکان ئەوەیە گیانی مرۆڤ دوای مردن تەنیا لە جەستە جیا ئەبێتەوە، بەڵام بەردەوامی بە ژیان ئەدات لەسەر زەویی بە شێوەی تارمایی. کاتێک باسی مرۆڤە خراپەکارەکان ئەکات لە ئەفسانەی چینیدا، ئەوان دوای مردن، گیانیان لە شێوەی تارمایی بەسەر زەوییدا بڵاوئەبنەوە. [کریستی: ١٣٧٣ :١٩٠] شێوەی دووەم بریتییە لە دۆنایدۆن، کە بریتییە لەوەی گیانی مرۆڤ بە گوێرەی ئەو کردەوانەی هەیەتی لە دوای مردنی ئەچێتە ناو گیانی کەسێکی تر یان گیاندارێک. ((لە چوارچێوەی ئەو پەیکەرە نوێیە درێژە بە ژیانی خۆی لەسەر ئەدات. بۆ نموونە ئەو کەسانەی پێڕەوی لە ئایینی یارسان ئەکەن، باوەڕیان بە دۆنایدۆن هەیە، واتە گەڕی رۆح لە لەشدا. بۆیە داوا ئەکەن لە مردن نەترسن، چونکە بە مردنی ئەو کەسە رۆح لەناوناچێت:

### یاران نەتەرسان نەی سیاسەتە

مردن یاری چوون قویتەی بەتە [سەرئەنجام: ١٣٧٥: ١٩٢]

واتە یاران، یان باوەڕمەندان لەو مردنە، یان سیاسەتەی ناوی مردنە مەترسن، مردن یارییەکە وەک یاری خۆنقومکردنی مراویی لە ئاوادا و سەر دەرهێنانەوەی لە شوێنێکی تردا. کەواتە مردن شتێک نییە جێی ترس بێت، ئەو کەسەی ئەمرێت، گیانی لە لەشی کەسێکی تر، یان گیاندارێکی تر سەر دەرئەهێنێتەوە.
لای فیرعەونەکان لە میسری کۆندا، جیهانێک هەبوو ئەکەوتە ئەوبەری رووباری نیل، بە جیهانی مردووان ناسرابوو. بە بڕوای ئەوان ئەو کەسەی ئەمرد، بەتایبەتی پاشاکان، ئەنێردران بۆ ئەو جیهانەو ئەوان لەوی بەردەوامیان بە ژیانی خۆیان ئەدا، بۆیە ئەبینین لەو ئەهرامانە، کە گۆڕی پاشاکانی میسری لێ بوو، خواردن و کەرەسەی خۆڕازاندنەوە و پێویستییەکانی رۆژانەیان لەگەڵ مردووەکە دائەنا، بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن.

لە ئایینە ئاسمانییەکاندا، مرۆڤ دوای ئەوەی ئەمرێت، ئەوا تەنیا بە جەستە ئەمرێت، ئەگینا رۆحی بۆ ئاسمان بەرزئەبێتەوە و لە رۆژی دواییدا زیندوو ئەبێتەوە و رۆحی ئەچێتەوە ناو هەمان جەستە. ئینجا بە گوێرەی کار و کردەوەکانی بڕیاری لەسەر ئەدرێت ئاخۆ ژیانێکی خۆش بژیەت، یان سزا وەرگرێت لە بری ئەو کردەوە خراپانەی کردوونی.
داستانی گلگامێش ڕەنگە ناودارترین داستان بێت لەبارەی مردن و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی نەمریی. ئەم داستانە، داستانێکە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا نووسراوە، بە کۆنترین نووسراوی ئەدەبی دائەنرێت. چەندین نوسخەی لەسەر قوڕ

نووسراوەتەوە، کۆنترینیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان. گلگامێش پاشاری شاری ئوورە، دایکی خواوەند و باوکی مرۆڤ بووە. سەرەتای داستانەکە وەهایە خەڵک خۆشیان ناوێت، چونکە بەرامبەر خەڵک زۆر ستەمکارە، بۆیە خەڵکەکە داوا لە ئۆرۆرۆی خواوەند ئەکەن لە دەست گلگامێش رزگاریان بکات، ئەویش ئەنکیدۆی بۆ ئەنێرێت . دوای زۆرانبازی گلگامیش سەرئەکەوێت و ئەبن بە هاورێ. دوای ئەوەی خواوەند عەشتار داوا لە گلگامیش ئەکات هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بەلام ئەو رەتی ئەکاتەوە، بۆیە گیاندارێکی لە شێوەی گای بۆ ئەنێرێت ، ئەنکیدۆ بە هۆی ئەوەی مرڤە ئەمرێت. ((پاش مردنی ئەنکیدۆ، گلگامش کەوتە بیرکردنەوە لە چارەنووسی خۆی، کە دەیزانی ئەو وەک خوداکانی تر نەمر نییە، بۆیە بڕیاری دا ئۆتنابشتم بدۆزێتەوە، کە مرۆڤێک بوو نهێنیی ژیانی ناکۆتایی لە لا دەست دەکەوت. ئۆتنابشتم تاکە مرۆڤ بوو کە گەیشتبووە ئاستی نەمریی و گلگامش بە هیوای ئەوە بوو فێری بکات چۆن خۆی لە مردن بپارێزێت.)) [ماڵپەڕی دیدی من] دوای ئەوەی بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئۆتنابشتم دەگەڕێت و رووەکی نەمریی ئەدۆزێتەوە، ئەیەوێت لەسەر پیرەپیاوێک تاقی بکاتەوە، مارێک ڕووەکەکە ئەدزێت و ئەیخوات، هەر لەوێدا مارەکە پێستەکەی تازە ئەبێتەوە ئەگەڕێتەوە سەردەمی لاویی. لە کۆتایی داستانەکەدا گلگامش ئەمرێت و هەموو خەڵکی ئۆرووک بۆ مردنی خەمبار ئەبن و ئەزانن کە فەرمانڕەوایەکی وەک گلگامش باش و لێهاتوو، هەرگیز جارێکی تر فەرمانڕەواییان ناکات، هەروەها بەراستی ناوی گلگامش تاکو ئەمڕۆ بە نەمریی ماوەتەوە. ئەم داستانە سەلمێنەری ئەوەیە لە کۆندا مرۆڤ گەیشتووە بەو باوەڕەی کە مردن شتێکی رەهایە و حەتمییە، ئەمەش ئەبێت بە یاسایەک و ئەبێ هەموو مرۆڤێک بمرێت.

بابەتی مردن، بابەتێکە زۆر کۆنە «جاک شۆرۆن» لە کتێبی «مردن لە فیکری رۆژئاواییدا» ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات مێژووی مرۆڤ، مێژووی وەڵامدانەوەی پرسیاری: چ کاتێک مرۆڤ مردنی هەڵمالیی؟ بۆ ئەمەش پەنا بۆ تێزەکانی «ڤۆلتێر» ئەبات، کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرە ئەزانێت ئەمرێت. بەڵام ئەمەی چۆن کەشف کردووە. بە بڕوای ئێمە لە رێگەی ئەزموونەوە گەیشتووە بەم زانیارییە. ئەم ئەزموونەش سەلمێنەری گەشەی مرۆڤە لە رووی دەروونیی و عەقڵییەوە. هەرچەندە «شۆرۆن» ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات ((مرۆڤی سەرەتایی نەیتوانیوە لە رێی مردنی کەسانی دەوروبەرییەوە ئەوە ئاشکرا بکات مردن شتێکی حەتمییە بۆ بوونی مرۆڤ، بەڵکوو بۆ هێزە خراپەکارەکانی گەڕاندۆتەوە.)) [شورون: ١٩٨٤: ٨] کەواتە مرۆڤ بۆ ئەوەی رووبەڕووی مردن ببێتەوە هاتووە دنیایەک ئەفسانەی خولقاندووە بۆ ئەوەی دەستەمۆی مردن نەبێت.

لە رێگەی خوێندنەوەی ئەفسانەی ئەدۆنیسەوە دەتوانین بیرکردنەوەی یۆنانییە کۆنەکان (پێش سوکرات و ئەفلاتوون) لەبارەی مردنەوە بزانین. ئەدۆنیس خواوەند بووە و گەنجێکی تا بڵێی جوان بووە، ئەفرۆدیت عاشقی ئەبێت، بەڵام کاتێک ئەدۆنیس لە لایەن ئاژەڵێکی دڕندەوە وەکوو سزایەک خواوەندەکان بەسەریدا دەسەپێنن لێی ئەدرێت و ئەمرێت. ئەفرۆدیتی خۆشەویستیی لە جیهانی ژێرەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵی ئەمێنێتەوە. ئەفسانە دەرخەری وەرزەکانی ساڵە. بەتایبەت پاییز و زستان، ئاماژەن بۆ مردنی هەموو شتێک. لەم رێیەوە مرۆڤ لە رێی ئەزموونەکانی خۆیەوە ئەگاتە کەشفکردنی مردن.

## دووەم: چەمکی مردن لە فەلسەفەدا

وەکوو هەموو چەمکێکی تر بۆ لێکدانەوەی رەهەندەکانی مردن لە فەلسەفەدا ئەبێت بۆ سەدەمی یۆنانییە کۆنەکان بگەڕێینەوە. «گیرتلد ئەفرایم لیسیگ» لە توێژینەوە بە ناوبانگەکەی بە ناوی «جیهانبینی دێرینان بۆ مردن» ئەڵێت: مردن سەبارەت بە خەڵکانی سەردەمانی کۆن جێی ترس نەبووە. [شورون: ١٩٨٤: ٣٣] ئەم تێڕوانینە پێش سوکراتە. لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن (پێش سوکرات) بابەتی گرنگ لەبارەی مردن و ماهیەتی مردندا هەیە، بە شێوەیەک توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، فۆرمێکی فەلسەفیی وەرگرتووە. زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە هاوڕان سەرەتای بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لە یۆنانی کۆن لە «تالیس- ٥٤٦پ.ز» بووە، پاشان ئەناکسیمەندەریس٦١٠پ.ز- ٥٤٧» و دواتریش «ئەنەکسیمانس- ٥٢٧ پ.ز». بە بڕوای یەکەم بنەڕەتی بوون بریتییە لە ئاو، ئەوەی دووەم بڕوای وایە بنەڕەتی بوون ناکۆتا (اللامتناهی)یە، و سێیەمیان بڕوای وایە هەوا بنەڕەتیی بوونە. لەسەر دەستی ئەم زانایانە میتۆلۆژیا پاشەکشە ئەکات و بیرکردنەوەی زانستیانە دێتەپێشەوە. بە بڕوای «تالیس» ((ئاو ماددەی یەکەم و جەوهەری یەکەمە، هەموو شتێک لەوەوە پێکدێن.)) [کرم: ٢٠١٢: ٢٦] بە بڕوای ئەم زانایە هەموو شتەکانی دنیا بۆ یەک سەرچاوە ئەگەڕێنەوە، هەرچەندە جیاوازیش، بن، جیاوازیان بۆ جیاوازیی ئەو دۆخانە ئەگەڕێتەوە، کە بەسەریاندا دێت. ئەم بۆچوونەی «تالیس» ریشەکەی بۆ «هۆمیرۆس» ئەگەڕێتەوە ، چونکە ئەو لە داستانەکانی خۆیدا ئەڵێت: زەریا چاوگی یەکەمی شتەکانن. کەواتە بە نەبوونی ئاو، یان کەمبوونەوەی ئاو شتەکان بەرەو مردن ئەچن. بنەڕەت و بوونی شتەکان بە ئاوەوە ئەبەستێتەوە.

«ئەناکسیمەندریس» وەکوو «تالیس» بە دوای سەرچاوەی بووندا ئەگەڕا. بڕوای وابوو نابێ سەرچاوەی بوون (ئاو) بێت، چونکە بە هۆی ساردیی، یان گەرمییەوە دۆزخەکەی ئەگۆڕێت. بنەڕەتی بوونیش نابی بگۆڕێت. بۆیەش بڕوای وابوو سەرچاوەی بوون بریتییە لە ناکۆتا (ئەپیرۆن). ئەم ((ئەپیرۆنە هەمیشەییە و ئەزەلییە و نەمرە و لەناو ناچێ. هەموو شتەکان لەوەوە درووست بوون هەر بۆ ئەوەش ئەگەڕێنەوە. هەمیشە بزێوە و بزووتنەکەشی ئەبێتە هۆی دیاریکردن و سنووردانان، لەم رێگەیەشەوە جیهان و ئاسمانەکان درووست بوون، هیچ هۆیەکیش لە دەرەوەی ئەپیرۆن و بزووتنەکەی دەستی لەم درووستبوونەدا نییە.)) [حرب: ١٩٨١: ٣٤] بەڵام ئەوەی بۆ ئەم زانایە بەردەوام جێی پرسیار، ئەگەر ناکۆتا و بێ سنوور هەن، بۆ شتەکان لەناوئەچن و ئەمرن؟ ئەگەر وایە بەها و بوونی شتەکان لە چیی دایە؟ ئەم پرسیارە بۆ ئەو ئازاراویی بوو.

هەرچیی «ئەنەکسیمانس»ە ئەویش وەکوو ئەوانی پێشتری هەوڵیداوە سەرچاوەی بوون دیاری بکات. بە بڕوای ئەو ((مژادی(کەرەستە) یەکەم کە هەموو بوونەوەرەکانی لێ درووسبووە هەوایە، کە ماتەرێکی(ماددە) دیاریکراو و بی کۆتا و بزێوە.)) [حرب: ١٩٨١: ٤٠] ئەوەی لە بیرکردنەوەی ئەم سێ زانایە هەڵیدێنجێنین، هیچ بوونێک لە نەبوونەوە نەهاتووە و هیچییش بۆ ئەوی ناچێت. ئەم بیرۆکەیە سەرچاوەیە بۆ ئەو فەیلەسووفانەیە، کە باوەڕیان بە گەڕانەوەی رۆح هەیە بۆ جیهانی سەرەوە.

پاشان لای قوتابخانەی ئورفییەکان، کە لە سەدەی شەشی پێش زایین دەرئەکەون، چەندین بۆچوون لەبارەی مردن و جەستە و ژیانی ئەو دنیا دەرئەکەون. ئۆرفییەکان لە چینی هەژار و چەوساوەکان بوون، ئازاری زۆریان بە دەست دەوڵەمەندان و خاوەن موڵکەکان ئەچەشت. ئەوان باوەڕیان بە دوالیزمەی جەستە و رۆح هەبوو. ((بەم پێیە لە مرۆڤدا دوو لایەن کۆبۆتەوە خوایی و شەیتانیی، لەبەرئەوە لەسەر مرۆڤ پێویستە لایەنی خوایی هەڵبژێرێت، تا

خۆی بگەیەنێتە کاروانی خواوەندان لە جیهانێکی تردا، چونکە ئەو بەشە نەمرەی مرۆڤ کە ئەمێنێو لەناوناچێ لەو بەشەدایە کە نامێنێ و لەناوئەچێ، رۆح لە لەشدا بەندکراوە لەش گۆڕی رۆحە.)) [حرب: ١٩٨١: ٤٨] بە بڕوای ئەوان مرۆڤ موڵکی خواوەندە، بۆیە هیچ دەسەڵاتێکی لە بابەتی مردن و ژیاندا نییە، هەر خواوەندە ئەتوانێت جەستە و رۆحی لە یەکتری جیا بکاتەوە، هەر کاتێک خۆی بیەوێت ئەتوانێت رزگارمان بکات و ئێمە ناتوانین و دەسەڵاتمان نییە. بۆیە خۆکوشتن بە بڕوای ئەوان تاوانێکی گەورەیە و هەر کەس خۆی بکوژێت، ئەوا خواوەند سزای ئەدات. لەم روانگەیەوە تێ ئەکەین، کە مردن هۆکارێکە بۆ رزگاربوونی رۆح لە لەش و گەڕانەوە بۆلای خواوەند و لە هەموو خەوش و پیسییەک رزگاریی ئەبێت.

هەرچیی «سوکرات»ە، بە بوێرترین فەیلەسووف لە مێژووی فیکر دائەنرێت، لەبارەی مردنەوە بە ئاشکرا دواوە و بڕوای وایە مردن رزگارکردنی رۆحە لە جەستە و گەڕانەوەیەتی بۆ جیهانی هەرمان(نەمر). بۆیە کاتێک دیمەنی ژەهرخواردنەکەی ئەبینین زۆر بە ئاسوودەییەوە ژەهرەکە وەرئەگرێت و ئەیخواتەوە، تەنانەت، جەلادەکەی زۆری پێناخۆشە، بەڵام «سوکرات» ئاسوودە دیارە، چونکە بڕوای وایە ئەگەڕێتەوە بۆ جیهانی نەمریی و هەرمان. «سوکرات» لە کۆمارەکەی «ئەفلاتوون» ئەڵێت: ((لە حیکمەتدا ترس لە مردن نییە، چونکە مردن خێرێکی گەورەیە، بەڵام لە تێڕوانینی خەڵکەوە مردن خراپەیەکی گەورەیە، ئەمەش نیشانەی نەزانییە.)) [افلاطون: ١٩٦٦: ٦٣] کەواتە ئەو پێداگریی لەسەر ئەوە ئەکاتەوە، کە نابێت لە مردن بترسین. هاوکات زانا و فەیلەسووف چارەنووسی نەفس ئەزانێت و ئەو ئەتوانێت خۆشیی و بەختەوەریی بە خەڵک بڵێت، بۆیە بەردەوام داوای مردن ئەکات، چونکە مردن ئەتوانێت رۆح رزگار بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ جیهانی نەمران. کەسانی خراپەکاریش نەفسیان لە جەستەیان زیندانیی کراوە وەکوو سزایەک، ئەگەر مردن، ئەوا رۆحەکەیان لەو جەستەیەوە ئەچێتە جەستەیەکی تر تا لە گوناهەکانی پاك ئەبێتەوە.

هەرچیی «ئەفلاتوون»ە لەسەر هەمان رێچکەی مامۆستاکەی «سوکرات» ئەڕوات و باوەڕی بە چەمکی مردن هەیە، هەرچەندە لە بۆچوونەکانیدا جۆرێک لە جیاوازی بەدی ئەکرێت. لەوەدا لەگەڵ «سوکرات» هاوڕایە، کە رۆح نەمرە. بۆیە لە بەشی دەیەمی کۆمار ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات، خراپە سروشتییەکان ناتوانن دەروون (رۆح) لەناو ببەن: (( هەر شتێکیش، وەکو دەروون، خراپەیەکی سروشتیی لەناوی نەبات، خراپەیەکی دەرەکیی ناتوانێت تێبگات، بە دڵنیاییەوە، کەس ناتوانێت بیسەلمێنێت دەروونی ئەو مرۆڤانەی ئەمرن نادادوەرن.... ئێستا ئاشکرایە، مادامەکی هیچ جۆرە خراپەیەک، دەرەکیی و ناوەکیی، دەروون لەناونابات، ئەوا دەروون بەردەوام ئەمێنێتەوە و نەمرە. پێویستە نەمر بێت)) [ئەفلاتوون: ٢٠٠٨: ٢٢٤] کەواتە رۆح (دەروون) لای ئەم فەیلەسووفە نەمرە، هیچ فاکتەرێکی دەرەکیی و ناوەکیی ناتوانێت لەناوی ببات. بۆ نموونە ئەگەر نادادوەریی وەکوو نەخۆشییەک تووشی دەروون هات، ئەوا ناتوانێت دەروون لەناو ببات. بەڵام دەتوانیت کاریگەری لەسەری هەبێت و کەسی نادادوەر خراپ بکات. بۆیە ئەگەر کەسێک دادوەر بێت ئەوا خواکان خەڵاتی پێ ئەبەخشن. لێرەدا ئەفلاتوون چیرۆکی ئافسانەی «ئێر» ئەگێڕێتەوە، کە دوای کوژرانی لە جەنگدا، لاشەکەی هەروەک خۆی ئەمێنێتەوە، کاتێک دوای دە رۆژ خەڵک لاشەی کوژراوەکان کۆئەکەنەوە، پاشان لاشەکەی «ئێر» ئەبەنەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی پرسەی بۆ دابنێن، بەڵام دوای دوو رۆژ زیندوو ئەبێتەوە، بەسەرهاتی خۆی ئەگێڕێتەوە، کە دوای مردنی، گیانی لەگەڵ گیانی مردووەکانی تر چووەتە شوێنێکی خۆش، لەو شوێنەدا چوار

کونی تێ کراوە (وەکوو دەرگا)، لە ناوەڕاستیان چەند دادوەرێک دانیشتبوون، پاش دادگاییکردنی گیانەکان فەرمانیان بە گیانە چاکەکان داوە لیستی کردەوەکانیان لە بەرۆکیان بدەن بەنێو کونە کراوەکەی دەستی ڕاستدا بچنە ژوورەوە، خراپەکانیش بۆ کونی دەستە چەپ و، کاتێک نۆرەی «ئێر» دێت داوای لی ئەکەن بگەڕێتەوە زەویی و باسی ژیانی دوای مردن بۆ خەڵک بکات. [ئەفلاتون: ٢٠٠٨: ٢٢٦] کەواتە رۆح و گیان نەمرن، دوای مردن هەر بە زیندوویێتی دەمێننەوە و تەنیا ئەوەیە لە جەستە ئەچێتە دەرەوە. ئیتر لەوێوە باسی ژیانی ئەوانیە کە لە کونی لای دەستە چەپدا چوونەتە ژوورەوە و ئەوانەی لە کونی لای دەستە ڕاست چوونەتە ژوورەوە. بۆ ئەوەی بچییتە کونەکەی لای راست ئەبێ چوار کردەوەی باشت هەبێت: لێخۆشبوون، ئازایەتیی، زانایی و دادپەروەریی. هاوکات ئەبێ ترسی مردن لە گەنجەکان دووربخەینەوە، چونکە کەسی ئازاد لە مردن ناترسێت و ترسی مردن ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ ترسنۆک دەربچێت. کەواتە رۆح و گیان نەمرن بەرگەی هەموو چاکە و خراپەیەک ئەگرن.

ئەرستۆ وەکوو باشترین قوتابی ئەفلاتوون، لە زۆرێک لە باسەکان دژ بە بۆچوونی مامۆستاکەی بوو. بەتایبەت لەبارەی رۆح و نەفسەوە. «ئەرستۆ» لە کتێبی «دەروون- النفس» بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی رۆح/دەروونەوە بە وردی دەرئەبڕێت. هەر لە لاپەڕەکانی یەکەمەوە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات، گواستنەوەی رۆح و نەفس لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر دوای مردن لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە. ئەم فەیلەسووفە لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە مادده و وێنە لێکۆڵینەوە لە جەستە و دەروون/رۆح ئەکات. بە بڕوای ئەو وێنە تەواوکەری ماددەیە، ئەمە لەسەر دەروون و جەستە  پراکتیک ئەکات. بۆیە دەروون لای ئەو ((یەکەم تەواوکەری جەستەیەکی سروشتییە ژیان بەهێز ئەکەن.)) [ارسطوطالیس: ٢٠١٥: ٤٢- ٤٣] کەواتە دەروون/رۆح شتێکی سەربەخۆ نییە وەکوو لای «ئەفلاتوون»ی مامۆستای هەبوو، بەڵکوو لەگەڵ جەستە تەواوکەری یەکترین، دەروون شتێکی نەمر نییە، لەگەڵ مردنی مرۆڤ رۆحیش ئەمرێت لەگەڵ جەستەدا. هاوکات رۆح بە خراپبوونی جەستە ئەویش خراپ ئەبێت و وێنەی جەستەیە، وەکوو چۆن مادە وێنەی هەیە. لێرەدا رۆح وا ئەکات جەستە زیندوو بێت، یەکەم ئەرکی بریتیی ئەبێت لەوەی ژیانی بەبەردا بکات، ئەم یاسایە بەسەر گشت شتە زیندووەکاندا جێبەجی ئەبێت. لە باسکردنی پێوەندی نێوان جەستە و رۆح، «ئەرستۆ» لە کتێبەکانی «دەروون/رۆح»، بەشی یانزەمینی کتێبی «میتافیزیقا» و کتێبی «سیاسەت» چارەسەی پێوەندی نێوان جەستە و رۆح ئەکات. لە کتێبی «دەروون» ئەڵێت: دەروون و جەستە یەکەیەکی تەواون، هیچ یەکیان بێ ئەویتر نابن. دەروون جەوهەر و ناوەڕۆکی جەستەیە.)) [ارسطوطالیس: ٢٠١٥: ٤٣] واتە هەردووکیان پێکەوە بوونێکی زیندوو پێکدەهێنن. ئەمە پێچەوانەی «ئەفلاتوون» بوو، کە رۆح و جەستەی لە یەکتری جیادەکردەوە. کەواتە بە مردنی جەستە، راستەوخۆ رۆحیش ئەمرێت، مردنی هەر کەسێک واتای مردنی رۆحە.

لە فەلسەفەی نوێشدا مردن و ترس لە مردن بووەتە جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوەی فەیلەسووفان، ئەمەش بە هۆی گرنگی ئەم چەمکە لە ژیاندا. «باسکال» یەکێک لەو فەیلەسووفانەیە لەبارەی مردن و پاش مردن نووسینی هەیە، لەوێدا دوودڵی و ڕاڕایی مرۆڤمان لەبارەی بوون و ژیانەوە بۆ باس ئەکات. مردن کۆتایی هەموو شتێکە، بە هۆیەوە ژیان بێ واتا ئەبێت، ئەو ئەڵێت: مردن بەڵگەیە لەسەر بێ مانایی ژیان. بۆیە مرۆڤ لە نێوان دوو دنیادایە، چونکە نازانێ دوای مردن چیی هەیە و بەرەو عەدەم دەچێت. مرۆڤ بەردەوام لە نێوان ژیان و عەدەم لە بزووتن دایە، تەنیا کاتێک ئەمرێت لەو بزووتن و جوڵە دەکەوێت. بە بڕوای ئەو مرۆڤ لە لایەک زۆر لاوازە، چونکە بچووکترین بوونە بەسەر بوونی خۆیدا زاڵ نییە، هاوکات گەورەترینیشە، چونکە لە بوونەکانی تر زیاتر ئەزانێت.

بە بڕوای «سپینۆزا»ی فەیلەسووف مرۆڤ بەشێکە لە سروشت، بۆیە پێداگری لەسەر مانەوەی ڕۆح دەکردەوە دوای مردن. ئەڵێت: ((هەر مرۆڤێک بەشێکە لە یەکەیەکی خودایی کاتێک کە مرۆڤ ئەمرێت، ڕۆح وەکو دڵۆپێک ئاو ئەگەڕێتەوە بۆ ناو ئۆقیانووس، یان نەغمەیەکە لە گەورەیی سەمفۆنیادا ون ئەبێت. یاخود هزرێکی بەرزە لە دەقێکی فانی ئەم جیهانەدا هەڵدەفڕێت و لە چوارچێوەی ئەبەدیدا قەرار دەگرێت.)) [سپینۆزا: ٢٠١٧: ٥٠] کەواتە ڕۆح نەمرە و بە مردنی جەستە لەناو ناچێت و هەرمانە. هەموو مرۆڤایەتی بە بەشێک لە خودا ئەزانێت، بۆیە هەر زیانگەیاندنێک بە کەسێک، زیانگەیاندنە لە پەیکەری گشتی مرۆڤایەتی. بۆیە مرۆڤ ئەبێت هەوڵبدات لە ڕێگەی کەسانی ترەوە بەختەوەری خۆی زیاتر بکات. بەردەوام هانی مرۆڤ ئەدات بەشدار بێت لە بەختەوەری هەموو مرۆڤایەتی، بۆیە پێداگری ئەکاتەوە لەسەر یەکێتیی دەروون لەگەڵ تەواوی جیهانی سروشت. واتە ئەو فەلسەفەیەکی گەشبینانەی هەبوو. داوای دەکرد: مرۆڤی ئازاد دوا شت بیر لی بکاتەوە مردنە، حیکمەت لەوەدا نییە هیوات بە مردن بێت، بەڵکوو لەوەدایە هیوات بە ژیان هەبێت. [العوا: ١٩٥٨: ٢٧٣]

نیتشە فەیلەسووفێکی تاکگەرایە، ڕەتکەرەوەی زۆربەی بەها ئەخلاقییەکانە، هەموو فەلسەفەکەی خستەگەڕ بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی باڵا (سووپەرمان). ژیان لە ڕوانگەی ئەو بریتییە لە ئیرادەی هێز، بۆیە کاتێک مرۆڤ ئیرادەی هێزی هەبێت و خۆی وەک تاک دروست بکات ئەوا سەربەستی بە دەست دەهێنێت. ((بە بۆچوونی نیتشە تاک بوونێکی بڕاوە و کاتی هەیە، یان بوونی تراجیدییە چونکە ئەمرێت. بەلام وەکو بەشێک لە مرۆڤایەتی هەموو تاکێک نەمرە، چونکە مرۆڤایەتی نەمرە. بڕانەوەی بوونی هەندەکی(جزئی) ، نەبڕاوەیی بوونە هەمەکییەکە(گشتییکە)دیاری ئەکات لەم بۆچوونە ئۆنتۆلۆجییەوە دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی، کە بوونی تاکیش نەبڕاوەیە.)) [کەمال: ٢٠٠٩: ٨٥] ئەو ویست و ئیرادەی هێز بە بنەرەتی هەموو شتێک دائەنێت: جیهان ویستی هێزە و چیی تر نییە. [کەمال: ٢٠٠٩: ٨٥] هەموو ئەمانە لەپێناو دەرکەوتن و دروستکردن مرۆڤی باڵادایە، بەمەش مرۆڤێکی ئاگامەند ئەتوانێت ویستی هێزی بخاتەگەڕ و هەوڵی دامەزراندنی ئەدات. کەواتە ڕاستە مرۆڤ بوونێکی کاتی هەیە، بەلام ئەتوانێت وەکوو تاکێکی نەمر خۆی دروست بکات، ئەوش بە ویستی هێزەوە و ببێتە مرۆڤێکی باڵا. ئەمەش بەردەوام لە گۆڕاندایە. دەمانەوی بڵێین ڕەهەندە ئۆنتۆلۆجییەکە لای نیتشە گرنگە نەک مردن.

لێرەوە دەمانەوی بچینە سەر باسی بۆچوونی بوونگەراکان بەتایبەت «هایدیگەر»، چونکە قوتابخانەی بوونگەراکان گرنگترین قوتابخانەیە، کە پێوەندی نێوان مردن و بوون باسی سەرەکیان بێت. هاوکات لە فەلسەفەی بوونگەراییدا زۆر تاکەکەسییە و پێوەندی بە خودی کەسەکەوە هەیە، واتە هیچ کەسێک ناتوانێت لە جیاتی کەسێکی تر بمرێت، هەر کەس ئەبێت خۆی ئەزموونی مردن بکات، بەلام ناتوانێت لێی تێبگات. بۆیە ئاگابوون بە مردن مرۆڤ تووشی نیگەرانی ئەکات. لێرەوە نیگەرانی ئەبێتە بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجیانە بۆ بوونی مرۆڤ. کەواتە مرۆڤ بۆ بوون نیگەران و خەمخۆرە بۆیە دوودڵە. (نیگەرانی) بارودۆخێکی دەروونی(سایکۆلۆجی) نییە، پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی مرۆڤ...ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕە فەلسەفییەی ئەگەر مرۆڤ هەبێت ئەبێ نیگەران بێ. ((هیچ واژەیەکە دوو واتای هەیە، یەکەمیان «بوون»ە بە گشتی و دووەمیان «نەبوون». نەبوون لە ئەزموونی دوودڵیدا مانای «مردن»ە. بوون و نەبوون دوودل و پەرێشانمان ئەکەن و ڕووبەڕووی خودی خۆمانمان ئەکەنەوە. خۆ مرۆڤ

ئەتوانێت گورگەکە بکوژێت و خۆی لەو مەترسییە ڕزگار بکات و بێ ترس و بە ئاسوودەیی بژی. بەڵام هەرچەندە قارەمان و نەبەرد بێ لە دەست مردن ڕزگاری نابێت.)) [کەمال: ٢٠٠٧: ١٠٠] کەواتە لە ڕێی مردنەوە مرۆڤ ئەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. واتە لە ڕێگەی مردنەوە مرۆڤ بیر لە بوونی خۆی ئەکاتەوە و ئەزانێت بوونی هەیە و ئەبێت بمرێت. واتە ((مادام مرۆڤ هەیە، ئەوا ئەبێت بوونێکی کاتی هەبێت و بمرێت.)) [کەمال: ٢٠٠٧: ١٠١] بە بۆچوونی بوونگەراکان بەتایبەت «هایدیگەر» مرۆڤ بوونێکە بە ئاگا و هوشیارە بەرامبەر بوون و مردنی خۆی. وەکوو زیندەوەرانی تر نییە، کە ئەمرن، بوونیان کۆتایی دێت. واتە زیندەوەرانی تر لە ئاست ئەو حەقیقەتەی کە ئەبێت ڕۆژێک بمرن بە ئاگا و هوشیار نین. لای «هایدیگەر» مرۆڤ یەک جار دەژی و یەک جاریش ئەمرێت. ئەمە ڕێک پێچەوانەی بۆچوون و تێڕوانینی ئایینە یەکتاپەرستەکانە، کە مرۆڤ دوای مردنی زیندوو ئەبێتەوە، واتە بوون لای ئەوان کۆتایی نییە و دوای مردن زیندوو ئەبێتەوە، بەڵام لای بوونگەراکان مردن کۆتایی بوونە. ((مردن کۆتایی بوون و پڕۆژەکانی بوونە، کۆتایی بوونیش کوژانەوەی ئاگر و وەستانی باران بارین نییە. ئاگر و باران جارێکی تر سەر هەڵدەدەنەوە، بەلام کە کۆتایی بە بوون دێت، ئەو بوونە جارێکی تر لە نەبوونەوە ناگەڕێتەوە بۆ بوون.)) [کەمال: ٢٠٠٤: ١٤٧] ئایینەکان بڕوا بە کۆتایی بوون ناکەن، چونکە لای ئەوان مردن ڕاوەستانێکی کاتییە و دواتر مرۆڤ زیندوو ئەبێتەوە، بەڵام لای بوونگەراکان، مردن کۆتایی هەموو شتێکە، چونکە مرۆڤ لە هیچ شتێک دڵنیا نەبێت لە مردن دڵنیایە و ئەزانێت ئەبێت ڕۆژێک بمرێت، هێندە هەیە کاتی مردنەکەی نازانێت. کەواتە دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی مردنی نییە، بەڵام ئەتوانێت مردن بکاتە پڕۆژە و پێشی بخات.

## بەشی دووەم: گوتاری تێگەیشتن لە بوون لای شێرکۆ بێکەس

### یەکەم: نیگەرانی وەک واتای بوون

مرۆڤ تاکە ڕەگەزە وەها دەڕوانێتە مردن، کە کۆتاییەک بۆ ئاڵنگارییەکانی مرۆڤ دائەنێت. بۆیە مرۆڤ بەردەوام ترسێکی قوڵی بەرامبەر مردن هەیە. ترسیش تاکە خاڵی بێهێزی ژیان و بوونی مرۆڤە، بەڵام ئەگەر وەک چەمکێکی دوالیزمی سەیری ترس بکەین، ئەوا ئەگەر ترس نەبێت، ناتوانێت ئەو ئامادەکاریانە بکات بەرامبەر ڕووداوەکان. مرۆڤ بۆ ترس و نیگەرانی بەرامبەر مردن هەیە؟ بە بڕوای «هایدیگەر» مرۆڤ تا ئەو ڕۆژەی ئەمرێت نیگەرانە، نیگەرانە و ترسی بۆ تەواونەکردنی بوونی خۆی هەیە. بەڵام لە لایەکی ترەوە ترس و دوودڵی لە یەکتری جیا ئەکاتەوە. ((مرۆڤ ئەزانێت، کە بێ ناوەڕۆکە و ئەبێت خۆی ناوەڕۆک دابهێنێت. ڕاوەستان لە بەردەم ئەم نەبوونییەی بووندا تێگەیشتن بەم جۆرە لە بوون داهێنەرانە، مرۆڤ دەخاتە نێو دوودڵی و مشتومڕ لەگەڵ خۆیدا. ئەمەش ترس و ترسنۆکی ناخاتەڕوو. دوودڵی، کە هەڵوێستی ڕەسەنانەی بوونە لە ئاستی بووندا لە ترسەوە جیاوازە. ترس لای مرۆڤی ناڕەسەن سەرهەڵئەدات و بابەتێکی دیاریکراوی هەیە، کەسێک لە گورگ دەترسێت. بەڵام دوودڵی بابەتێکی دیاریکراوی نییە.)) [محەمەد کەمال: ٢٠٠٧: ٩٥] ئەم نیگەرانیی و دوودڵییە لای کەسانێکە، کە هوشیارن بە بوون. «شێرکۆ بێکەس» لە دیوانی «خێراکە مردن خەریکە بگات»دا هوشیارە بەوەی مردن شتێکە کۆتایی بە بوونی ڕەسەنی ئەو دەهێنێت، بۆیە هەوڵئەدات پڕۆژەکانی خۆی وەکوو بوونێکی ڕەسەن تەواو بکات. نیگەرانی و دوودڵییەک لە ناونیشانی دیوانەکەدا هەیە، گوتارێک ئاراستەی خۆی ئەکات بەوەی ئەبێ لە زووترین کاتدا پێش ئەوەی مردن بگات پڕۆژەکانی خۆی کامڵ بکات:

**ئێوارەیەک کتێب گیرا و هەر بۆ شەویش لە دار درا**
**تەم وایزانی گۆم مرد،**
**ئاوی کتێبیش وشکی کرد**
**بەڵام ئەمە قەت وا نەبوو،**
**وەختی کە بای وەشت هەڵی کرد**
**بوو بە ساڵاو**
**کاتێ جەللاد تەشای کرد**
**هەر گۆمە و گۆمی لێ ئەزێ و**
**لەجێی یەک کتێب سەد کتێب**
**لە هەناوی ئەم خاکەوە سەر دەردێنێ و**
**ژمارەی وشەی لاپەڕەش**
**هێندەی ژمارەی نێرگز و**
**پەڕەی گوڵاڵە سوورەیە و**
**مەگەر هەر خودایش بیژمێرێ!** [بێکەس: ٢٠١٦: ١١٤]

جەلـلاد وەک نوێنـەری دەسـەڵات و سـێبەری مـردن هەمـوو هەوڵێـک ئـەدات بـۆ ئـەوەی بـوون (دازاییـن) لەنـاو ببـات. ئـەم هەوڵـە بـۆ ئەوەیـە بـون ڕەش بکاتـەوە بۆیـە بـەردەوام تـرس دەچێنێـت. بـەڵام بـوون لـەم شـیعرەدا ناترسـێت، چونکـە هوشـیارە بـە هەمـوو جووڵـە و بیرکردنەوەکانـی جەلـلاد. شـاعیر ئەوەمـان پـێ ئەڵێـت، لەنـاو هـەر پێڕەوبەندییەکـی (سیسـتەم) سیاسـی و دیکتاتـۆری بوونـە هوشـیارەکان لـە داریـش بدرێـن، ئـەوا سـەدان بوونـی هوشـیاریی تـر پەیـدا ئەبنەوە. ئەگـەر بوونێـک (کتێـب وەک بـوون) لـە ڕێگـەی مردنـەوە بـەرەو نەمانـی ببـەن، ئـەوا تـرس بڵاونابێتـەوە، چونکـە تـرس لـە نەزانینەوەیـە، نـەک زانیـن. ئـەم دۆزخـەی دەسـەڵات هەیەتـی، دۆخێکـە پـڕ لـە تـرس، ترسـیش شـتێکی ڕۆژانەییـە، بۆیـە جەلـلاد و دەسـەڵات بـەردەوام ترسـیان هەیـە بەرامبـەر بـوون (دازاییـن)، چونکـە ئەزانـن بـوون هوشـیارە بەرامبـەر بوونـی ئـەوان و بوونـی ئـەوان دەخاتـە مەترسـییەوە. بـە بـڕوای هایدیگـەر ڕەسـەنیەتی و ناڕەسـەنیەتی بـوون لـە تـرس و دوودڵیـدا دەردەکەوێـت. دەسـەڵات وەک بوونێکـی ناڕەسـەن، هەمیشـە ئەیەوێـت بوونـی خـۆی لەسـەر بنەمـای بوونـی ئەوانـی تـر، یـان ڕەشـکردنەوەی بوونـی ئەوانـی تـر بسـەلمێنێت، بۆیـە بوونێکـی ناڕەسـەنە، چونکـە خـاوەن پـڕۆژە نییـە و بەردەوامیـش لـە پرۆژەکانـی بوونـی ڕەسـەن دەترسـێت و بوونـی ڕەسـەن چاونەترسـە.

لـە شـیعری (فایـەق بێکـەس ئەگەڕێتـەوە بـەر دەرکـی سـەرا) شـاعیر باوکـی وەکـوو بوونێکـی ڕەسـەن و خـاوەن پـڕۆژە نیگـەران و دوودڵـە بەرامبـەر بوونەکانـی تـر. شـاعیر بێکەسـی باوکـی لـە دنیـای ئەودیـو دەهێنێتـەوە و وەکـوو بوونێکـی ڕەسـەن نیشـانی ئـەدات، کـە بەرامبـەر مـردن دەوەسـتێتەوە و هۆیەکـە بـۆ ئـەوەی، کـە شـاعیر لـە مـردن ناترسـێت، ئـەوەی لـە مـردن دەترسـێت، بوونێکـی ناڕەسـەنە. «فایـەق بێکـەس»ی باوکـی وەکـوو بوونێکـی ڕەسـەن لـەو دنیـاش شـیعر دەنووسـێت. لێرەدا ئەگـەر بپرسـین بـۆ شـیعر؟ شـیعر لای بوونگـەراکان بـە گشـتی و هایدگـەر بەتایبەتـی چییـە؟ شـیعر لای هایدیگـەر یەکسـانە بـە زمـان، وەک ئاشـکرایە زمانیـش ماڵـی بوونـە، کەواتـە شـیعر ماڵـی بوونـە. ئـەوەی باسـی ئەکەیـن زمـان بـە واتـای هـۆکاری

پەیوەندی لە یەکگەیشتن نییە. بە واتایەکی تر زمان کەرەسەی شیعر نییە، یان کۆمەڵێک هێما و سیمیۆ نین، کە ئەرکیان گەیاندن بێت، بەڵکوو خودی بوونە.

**باوکم تۆزێ بێدەنگ ئەبێ،**
**لە دواییدا،**
**داوای قەڵەم و کاغەز و لاستیکی خەت کوژانەوە و**
**قەڵەم دداغان لێ ئەکات.**
**ئەوسا ئیتر من هەڵئەسم**
**ئەوەی داوای کرد ئەیهێنم،**
**دایکم ئەڵێ:**
**فایەقە فەندی! بۆ ئێستاش**
**شیعر ئەنووسی؟!**
**باوکم ئەڵێ:**
**ئەی شۆن شەفیق؟! بۆ نازانی**
**کە لەو دنیایش**
**خودایش بە بێ شیعر** ناژی؟! [بێکەس: ٢٠١٦: ٧٧]

شیعر و خودا دوو بوونن، بەڵام، شیعر پێوەند ئەکات بە خوداوە، وەکوو باڵاترین و کامڵترین هێز. ئەمە جۆرێک لە نیگەرانی و دوودڵیمان بۆ دەخاتەڕوو، نیگەرانی بۆ ئەوەی لە ڕێی داهێنانەوە بوونی خۆی کامڵ بکات. واتە داهێنان ئەبێتە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی. ((بەبێ ئەم پێشمەرجە مرۆڤ ناتوانێت خۆی تەواو بکات.)) [کەمال: ٢٠٠٤: ١١٧] هێنانەوەی باوکی وەک نوێنەری شیعر و ڕابەری خۆپیشاندانەکانی بەر دەرکی سەرا لە کۆندا، هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی نیگەرانی بەوەی شێوازی بوونە لە جیهاندا. بە واتایەکی تر واتا بەخشینە بە بوون لە جیهان. بۆیە لە شیعرەکەدا بێکەس نیگەرانە، بەوەی شیعر و ئازادی، شیعر و خۆپیشاندان بە یەکەوە دەبەستێتەوە:

**لە پڕێکا، باوکم هەڵئەسێتە سەر پێ،**
**دایکم ئەڵێ:**
**ئەوە بۆ کوێ باوکی شێرکۆ!**
**شەفیق! ئەڕۆم ئەبێ بڕۆم**
**بۆ ئەوبەر سەرای جارانی خۆم،**
**بۆ ناو ئاپۆرەی ئازادی،**
**دوای هەشتا ساڵ**
**دیسانەوە وەتەنەکەم،**
**شیعرێکی تازەی پێ نووسیم!** [بێکەس: ٢٠١٦: ٧٨]

ئـەم نیگەرانییـە ڕەواندنـەوەی ترسـە، ترسـێک بوونـی نارەسـەن (دەسـەڵات) ئەیەوێـت لـە دڵـی هەمـوو کەسـێک بیچێنێـت، بەمـەش بوونـی خەڵـک ناتەواوتـر ئـەکات، چونکـە کاتێـک مـرۆڤ بوونـی ناتـەواو بێـت، ناچـارە نیگـەران بێـت بـۆ ئـەوەی ویسـت و مەیلـە نارازییەکانـی هەبـوو دەستنیشـان بـکات. شـاعیر ئەیەوێـت لـە رێگـەی داهێنانـەوە بوونـێ نـوێ لـە نەبوونـەوە دروسـت بـکات. بۆیـە رووبـەڕووی مـردن ئەبێتـەوە لـە رێگـەی داهێنـان و ڕۆیشـتن بـەرەو ئـازادی و خەمخواردن لـە بوونـی ئەوانـی تـر. مـردن وەک پێشـتر گوتمـان کۆتایـی بـە داهێنـان دەهێنێـت، کۆتایـی بـە هەمـوو پرۆژەکانـی بوونـی ڕەسـەن دەهێنێـت، بۆیـە شـاعیر باوکـی وەک نوێنـەری بوونـی تـەواو دەهێنێتـەوە، چونکـە ئەزانێـت خۆیشـی وەکـوو باوکـی بـەردەوام ڕووبـەڕووە لەگـەڵ مـردن، نایەوێـت نامـۆ بێـت و مـردن دەسـتی بەسـەردا بگرێـت، چونکـە ڕازیبـوون بـە نامۆیـی، یـان نامۆبـوون یەکسـانە بـە نارەسـەنایەتی بـوون.

## دووەم: راکردن لە مردن

مردنـی مـرۆڤ شـتێکە هـەر ڕووئـەدات، مـرۆڤ ناتوانێـت مـردن لـە خـۆی دوور بخاتـەوە و ڕۆژێـک هـەر ئەمرێـت. بـەڵام ئەمـە نەبۆتـە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ هەوڵەکانـی نەخاتەگـەڕ بـۆ ئـەوەی لـە مـردن هەڵنەیـەت و ڕا نـەکات. بـە واتایەکـی تـر لـە ڕووبـەڕووی مـردن نەبێتـەوە. وەک پێشـتر باسـمان کـرد، هایدیگـەر ئەڵێـت: مـرۆڤ لـە نەبوونـەوە دێـت و بـەرەو بـوون. مـردن یەکێکـە لـە کۆسـپەکان و نایەڵێـت مـرۆڤ بـەرەو بـوون بـڕوات.

شاعیر بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مردن ببێتەوە، ئەبێت مردن جێبهێڵێت. لە شیعرێکدا بۆ " تۆفیق وەهبی" دەنووسێت:

**پیاوێک لەوێ لەسەر لوتکە ڕاکشاوە،**
**ئەو... مردنی جێهێشتووە و**
**گەیشتۆتە ناو نەمریی،**
**تۆفیق وەهبی** [بێکەس: ٢٠١٦: ١٨١]

هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بـە نەمریـی، یـان بەدەسـتهێنانی نەمریـی ترسـە لـە مـردن. تـرس لـە مـردن، ترسـە لـە نارەسـەنیبوون. ڕەنگـە بوونێـک نارەسـەن بێـت، بـەڵام ئایـا دەرفەتـی ئـەوەی نییـە خـۆی ڕزگار بـکات؟ بێگومـان ئـەو دەرفەتـەی هەیـە. کاتێـک بوونێـک دەکەوێتـە ژێـر داگیـرکاری ئەوانـی تـرەوە و ڕێگـەی نـادەن پرۆژەکانـی جێبەجـێ بـکات، ئـەو بوونـە (دازاینە) لـە هەوڵـی ڕزگارکردنـی خـۆی ئەبێـت. شـاعیر "تۆفیـق وەهبـی" وەکـوو نموونـەی بوونێکـی ڕەسـەن دەهێنێتـەوە. تێپەڕاندنـی مـردن لـە لایـەن بوونێکـی وەک وەهبـی هەوڵێکـە بـۆ راکـردن لـە مـردن، بـەڵام بوونـی ڕەسـەن (وەهبـی) لـە مـردن دڵنیایـە، بـەڵام نایـەوێ تەسـلیمی بێـت و بیـری لـی بکاتـەوە، بەڵکـوو ئەیەوێـت پرۆژەکانـی خـۆی جێبەجـێ بـکات.

ئاشـکرایە پیـری و نەخۆشـیی درێژخایـەن نیشـانەی نزیکبوونـەوەی مردنـن، مرۆڤیـش بەئاگایـە بەرامبـەر مـردن، لـە تەمەنـی پیریـدا ئەزانێـت کاتـی مردنـی هاتـووە:

**درەنگ هاتی... درەنگ... دیدەم،**
**کە تۆ تازە گزنگیت و**
**منیش دوا تیشکی ئێوارەی**
**ناو ئاویلکەم،**
**درەنگ هاتی... درەنگ دیدەم.** [بێکەس: ٢٠١٦: ١٢٧]

هەرچەندە مردن لە ژیانی شاعیردا هێشتا نەهاتووە، بەڵام ئەیەوێت مردن بخاتە پەراوێزەوە، تەنانەت بیرکردنەوە لە مردنیش وەلا بنێت. مرۆڤێک هاتووەتە سەر ڕێی و ئەیەوێت وەک خۆشەویست خۆی بناسێنیت، بەڵام شاعیر لە تەمەنێکدا نییە خۆشەویستی بکات، بە واتایەکی تر هەردووکیان لە ڕووی تەمەنەوە بۆ یەک گونجاو نین. شاعیر وەک بوونێک ئەیەوێت باوەڕ بە ئەوی تر (خۆشەویست) بهێنێت، کە مردن هەیە، بەڵام هێشتا نەهاتووە، چونکە نایەوێ بە هۆی بیرکردنەوە لە مردنەوە تووشی ڕەشبینی ببێت، یان ئەوی تر بخاتە ناو ڕەشبینییەوە. واتە ئەیەوێت ئەوی تر سەرقاڵ بکات بە ژیانەوە، هەرچەندە بۆ ئەویش نابێت.

## سێیەم: ئازادی وەک حەقیقەت

"هایدیگەر" جەوهەری حەقیقەت ئەکاتە بنەمایەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک تاکوو لەگەڵ ئازادیدا هاوتای بکات. بۆیە ئەڵێت: ((جەوهەری حەقیقەت بریتییە لە ئازادی.)) [هیدغر: ١٩٩٥: ٢٠] مەبەست لە جەوهەری حەقیقەت کە ئازادییە چییە؟ واتە خۆنەبەستنەوە بە کەسی تر و دوورکەوتنەوە لە هەموو کۆتوبەندێکی ڕۆژانەیی و دابونەریتی، کە ڕووبەڕووی خود ئەبنەوە. چەمکی ئازادی، یەکێکە لەو چەمکانەی لەم دیوانەدا بەردەوام خوێنەر ڕووبەڕووی ئەبێتەوە، ئەمەش بۆ دەرخستنی حەقیقەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردیە. ئازادی خۆڕەهاکردنە لە مردن. شیعری "ئاپۆڕەی تورە" بانگەوازی شاعیرە بۆ جەماوەر، کە ناتوانێت خۆی لەوان جیا بکاتەوە، جەماوەرێک لەپێناو ئازادیدا ڕاپەڕیوە و خۆپیشاندان ئەکات.

**لەناوتاندام... لە ڕیزتاندام**
**تا ڕاوەستن... شیعری منیش**
**لەگەڵتاندا ڕائەوەستێ،**
**وەختێ بڕۆن... شیعری منیش**
**لەگەڵتاندا هەنگاو ئەنێ،**
**ئەو وەختەی دەنگتان هەڵبڕی**
**شیعری منیش دەنگ هەڵئەبڕێ،**
**ئێوە نەبن... شیعر چییە؟**
**ئێوە نەبن... شێرکۆ چییە؟**
**لەناوتاندام... لەڕیزتاندام... لەگەڵتاندام** [بێکەس: ٢٠١٦: ٦٨]

ئازادی ئەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خود بەسەر ئەوانی تردا بکرێتەوە، چونکە ئازادی ڕەگێکی لەناو بووندایە. جیا لەوانە ((بابەتگەلێک هەن کە راستەوخۆ پەیوەستن بە بوونی مرۆڤەوە وای لێئەکەن بوونێکی ناوازەی هەبێت و جیاواز بێت لە هەموو بوونەکانی تر، وەک: ئازادی، هەڵبژاردن، بڕیاردان و بەرپرسیاریەتی و...تاد.)) [ماکواری: ۲۰۰٥: ١۹] ئاشکرایە لە فەلسەفەی بوونگەراییدا بایەخێکی گەورە بە چەمکی ئازادی دراوە، چونکە راستەوخۆ پەیوەندی بە بوونەوە هەیە. شاعیر خۆی دانابڕێت لە ئەوانی تر، چونکە هەم لە رێگەی ئەوانی ترەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، هەمیش بوون تەواو ئەکەن. "شێرکۆ بێکەس" لەو شاعیرە دەگمەنانەیە، هەرگیز لە دەرەوەی خەڵک نەژیاوە، هەرگیز خۆی لە خەم و ئازاری میللەتەکەی دانەبڕیوە، دەیان شاعیر کوردمان هەیە، تەنیا بە شیعر لەگەڵ هاوار و خەمی میللەتدا بووە، بەڵام "شێرکۆ" بەردەوام لەناو خەڵکدا ژیاوە، لەگەڵیاندا بووە.

**تۆ بڕوانە کە تاریکیی**
**ئەم دیرۆکە،**
**چەند گڵۆپی شیعری جوان جوانی داگیرسان،**
**تەماشایش کە**
**ریزە سێدارەی موسڵ و ئەبوغرێب**
**چۆن هاتنەوە و، ئەمجارەیان**
**بوون بە مانگی ناو دارستان** [بێکەس: ۲۰١٦: ۲٥۰]

هەردوو زیندانی موسڵ و ئەبوغرێب هێما و ئاماژەن بۆ شوێنی گیران و لە سێدارەدانی سەدان کوردی ئازادیخواز، لەوێدا سەدان گەنجی کورد، کە لەسەر خەبات بۆ ئازادی گیرابوون ژیانیان لێ سەندرایەوە. ئازادی لە ڕەهەندی بوونگەراییەوە، هەوڵێکە بۆ خۆبوون، بە بڕوای "هایدیگەر" ئازادی ((بریتییە لەوەی واز لە مەوجود بهێنێت . لێرەدا باس لە وازهێنان کراوە، وازهێنانیش کاتێک باس ئەکرێت کە بۆ نموونە پرۆژەیەکمان هەیە، بەڵام دەستی لێ هەڵدەگرین و ئەنجامی نادەین، یان تەواوی ناکەین..... بەڵام لێرەدا رێک پێچەوانەیە، واتە وازهێنان لە مەوجود بۆ ئەوەی ببێت.)) [عەبدوڵڵا: ۲۰۰۸: ١۹] کاتێک مرۆڤ ئازاد ئەبێت، ئەوا خۆی هەڵدەبژێرێت، خۆی تەرخان ئەکات بۆ بوون بە خۆ، بەڵام تاکی کورد لەبەرئەوەی بەردەوام لەژێر هەڕەشە و داگیرکاریدا بووە، بەردەوام بوونی زەوت کراوە، بوونی داگیرکراوە. هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بووە خۆی بێت و کەسی تر ئەو نەکات بە هیی خۆی. واتە ئازادی بدرێت بە دازاین (بوون- مرۆڤ) کە خۆی ئەیەوێت، ئەمەش بەرپرسیاریەتییە بەرامبەر بە بوونی دازاین.

**کە ئازادییش نەبوو ئیتر**
**گوڵ یەعنی چیی و**
**ژن و مۆسیقا یەعنی چیی و**
**شیعر چییە و**
**ژیان خۆی چیی؟!**

بەستنەوەی هەموو جوانییەکانی ژیان وەک: ژن، مۆسیقا و گوڵ بە ئازادییەوە، بەستنەوەی واتای ئەوانەیە، بوونی ئەوانەیە بە ئازادییەوە. کەواتە بەبێ ئازادی جوانییەکانی ژیان نین، ئەگەر هەشبن ناتەواو ئەبن. بوونی مرۆڤیش پەیوەندی راستەوخۆی بەوانەوە هەیە. ئازادی دەرفەت ئەدات بە بوون بۆ ئەوەی بەرامبەر هەموو شتێک ببێتەوە. ئەم کرانەوەیە لای "هایدیگەر" بە (ناپۆشین- ئەلیثیا) ناودەهێنرێت. ئازادی بە واتای ئەوە نایەت مرۆڤ لە نێوان دوو هەڵبژاردەدا ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت، بەڵکوو ئازادی رێدانە، کرانەوەیە، چوونە بەرەو ئاشکرابوونی بوونێک وەک خۆی، بەمەش دازاین چۆنە ئاوا دەردەکەوێت. بۆیە شاعیر پێداگری لەسەر ئازادی ئەکاتەوە وەک جەوهەری حەقیقەت بۆ ئەوەی بوونەکان (مرۆڤەکان) چۆنن ئاوا دەرکەون، بەبێ ئەوەی لەژێر هەژموون و کاریگەری هیچ کەس و بابەتێکدا نەبن. واتە خۆی چۆنە ئاوا دەربکەوێت و خۆی ئەو دەرکەوتنە هەڵبژێرێت.

## ئەنجام:

١. مردن لە هەموو سەردەمێکدا بۆ مرۆڤ کێشەیەکی بوونگەرایانە بووە، هەموو هەوڵێکی داوە رووبەڕووی ببێتەوە و ئەم هەوڵانەش تاکوو ئێستاش بەردەوامە.

٢. مردن کێشەیەکی فەلسەفەییە، بەتایبەت لای بوونگەراکان بە گشتی و "هایدیگەر" بەتایبەتی مردن یەکێکە لە توانا و ئیمکانیاتەکانی بوون، چونکە مرۆڤ تاکە بوونە هوشیارە بەرامبەر مردن و بوونی خۆی. بۆیە کەسەکە لە مردن ناترسێت لێی راناکات.

٣. شاعیر ئەیەوێت لە رێگەی داهێنانەوە بوونێ نوێ لە نەبوونەوە دروست بکات. بۆیە رووبەڕووی مردن ئەبێتەوە لە رێگەی داهێنان و رۆیشتن بەرەو ئازادی و خەمخواردن لە بوونی ئەوانی تر.

٤. هەرچەندە مردن لە ژیانی شاعیردا هێشتا نەهاتووە، بەڵام ئەیەوێت مردن بخاتە پەراوێزەوە، تەنانەت بیرکردنەوە لە مردنیش وەلا بنێت. بۆیە ئەیەوێت لێی رابکات تاکوو ببێت بە خودی خۆی.

٥. ئازادی رێدانە، کرانەوەیە، چوونە بەرەو ئاشکرابوونی بوونێک وەک خۆی، بەمەش دازاین چۆنە ئاوا دەردەکەوێت. بۆیە شاعیر پێداگری لەسەر ئازادی ئەکاتەوە وەک جەوهەری حەقیقەت بۆ ئەوەی بوونەکان (مرۆڤەکان) چۆنن ئاوا دەرکەون، بەبێ ئەوەی لەژێر هەژموون و کاریگەری هیچ کەس و بابەتێکدا نەبن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبی کوردی


١. ئەفلاتون: ٢٠٠٨: کۆمار: وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: د.محەمەد کەمال: ناوەندی غەزەلنووس: سلێمانی.

٢. بێکەس، شێرکۆ: ٢٠١٦: خێراکە مردن خەریکە بگات: ناوەندی ئەندێشە: چاپی دووەم: سلێمانی.

٣. حەسەن، مولود ئیبراهیم: ٢٠٠٢: گەڕان بە دوای نەمرییدا لە نێوان ئەفسانەی کوردی و فارسیدا: دەزگای ئاراس: هەولێر.

٤. سپینۆزا: ٢٠١٧: وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر: دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە: سلێمانی.

٥. عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین: ٢٠٠٨: بوون لە شیعری مەحویدا: مەڵبەندی کوردۆلۆجی: سلێمانی.

٦. کەمال، د.محەمەد: ٢٠٠٤: بوون و داهێنان: دەزگای سەردەم: سلێمانی.

٧. کەمال، د.محەمەد: ٢٠٠٧: ئۆنتۆلۆجی و بنەڕەتی مرۆڤ: دەزگای سپیرێز: دهۆک.

٨. محەمەد کەمال: ٢٠٠٧: هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفیی: دەزای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

٩. کەمال، د.محەمەد: ٢٠٠٩: نیتشە و پاش تازگەری: دەزگای سەردەم: چاپی دووەم: سلێمانی.

١٠. ماکواری، جۆن: ٢٠٠٥: فەلسەفەی بوونگەرایی: وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی: چاپخانەی ڕەنج: سلێمانی.

## دووەم: کتێبی عەرەبی

١١. ارسطوطاليس: ٢٠١٥: كتاب النفس: ترجمه: احمد فواد الاهوانى: الطبعه الثانيه: المركز القومى للترجمه: القاهره.

١٢. افلاطون: ١٩٦٦: محاورات افلاطون: زكى نجيب محمود: مطبعه لجنه التآليف والترجمه والنشر: القاهره.

١٣. حرب، د.حسين: ١٩٨١: الفكر اليونانى: دار الفارابى: بيروت.

١٤. شورون، جاک: ١٩٨٤: الموت فى الفكر الغربى: ترجمه: كامل يوسف حسين: مراجعه: د.امام عبدالفتاح امام: الكويت.

١٥. العوا، عادل: ١٩٥٨: المذاهب الاخلاقيه (عرض ونقد): مطبعه الجامعه السوريه: دمشق.

١٦. كرم، يوسف: ٢٠١٢: تاريخ الفلسفه اليونانيه: موسسه الهندارى للتعليم والثقافه: مصر.

١٧. هيدغر، مارتن: ١٩٩٥: التقنيه- الحقيقه- الوجود: ترجمه: محمد سبيلا و عبدالهادى مفتاح: المركز الثقافى العربى.

## سێیەم: کتێبی فارسی

١٨. نامه سرانجام يا كلام خزانه: ١٣٧٥: تحقيق و تفسير: انتشارات هيرمند: تهران.

١٩. كريستى، آنتونى: ١٣٧٣: شناخت اساطير چيين: ترجمه: باجلان فرخى: انتشارات اساطير: تهران.

٢٠. گلگامش، کۆنترین داستانی ئەدەبیی میزۆپۆتامیا، ٢٠١٦: وەرگێڕانی: زرار حەمید: https://didimn.com


## ملخص

تاريخ الموت هو تاريخ تأمل الإنسان في ذاته، في من نحن. من أين أتينا وإلى أين نحن ذاهبون؟ لقد كان مفهوم الموت قضية مركزية عبر تاريخ الفلسفة والفكر الإنساني. وهذا ما دفع الإنسان إلى التساؤل باستمرار عما بعد الموت. وكان الأدب أحد الوسائل التي حاولت البشرية من خلالها الاستجابة للموت وتمثيله. على سبيل المثال، أسطورة أدونيس وجلجامش. هذا البحث يدور حول خطاب الموت وفهم الوجود في قصائد شيركو بيكاس. تركز الدراسة على كيف يريد شيركو بيكاس أن يجعل الموت وسيلة لفهم وجوده. إنه لإكمال مشاريع حياته. بالمعنى الهايدجري، لدى الشاعر مشروع للحياة، والموت ليس شيئًا يمكن أن يوقف مشاريعه. إنه ينفذ مشاريعه من خلال الشعر، الذي يعادل اللغة، التي كما يقول هايدجر هي موطن الوجود ويفكر المرء من خلال اللغة. من هذا نستنتج أن الموت والخوف من الموت غير أصيلين. إن للشاعر وجودًا أصيلًا ومشروعًا للحياة.

## Abstract

The history of death is the history of man's contemplation of himself, of who we are. Where did we come from and where are we going? The concept of death has been a central issue throughout the history of

human philosophy and thought. This has led one to constantly wonder what is after death. Literature has been one of the means through which humanity has tried to respond and represent death. For instance, the myth of Adonis, Gilgamesh. This research is about the discourse of death and the understanding of existence in the poems of Sherko Bekas. The study focuses on how Sherko Bekas wants to make death a means of understanding his existence. It is to complete his life projects. In the Heideggerian sense, the poet has a project for life, and death is not something that can stop his projects. He carries out his projects through poetry, which is equal to language, which, as Heidegger says, is the home of being and one thinks within language. From this we conclude that death and the fear of death are inauthentic. The poet has an authentic existence and a project for life.